# لەشکری غەم

دەشتی



لەشکری غەم هاتە سەر شاری دلم ئەی یارەکەم
بۆیێ من ڕەنگ زەردم وهەر لەحزە واهاوار دەکەم
شەوبە قەلبی پڕ برین ئەشکالی تۆ ئیجاد دەکەم
ئاووری فیرقەت لە کورەی سینەدا پەیدا دەکەم
ساحەیاتم بۆچیە ئەی قەد نەمامی باغەکەم

من کەخاکی ژێر پایی تۆم ڕێگەبۆچی تەرکەکەی
خۆمنیش وەک عالەمی تر عاشقم بۆ فەرقەکەی
مستەحەققی مەرحەبام و بۆچی غەدرم لێ دەکەی
نالەیی من عالەمی سوتاندوە وتۆسەیرەکەی
ساحەیاتم بۆ چیە ئەی یوسفی کەنعانەکەم

من برینداری قەدی بەرزو دوو چاوی بازی تۆم
بۆیێ تەرکی مەفتەنم کرد و زەلیلی داوی تۆم
گەرچی ساحیب عیززەتیشبم حەپسی نێوزیندانی تۆم
تو خودا زالم ئەگەر مەیلێ نەکەی شێواوی تۆم
سا هەتاکەی من بڕێژم خوێنی هەردوو چاوەکەم

باغی عالەم هەردەمێ نەوعێ لەگول ئیجاد دەکا

ڕووحی بولبول دائیما شەیدایی یڕوویی خۆی دەکا
هەرمنم بێ باغەبان و ل چاوەیێی گولنار دەکا
ڕوویی تۆش جاناجلەوکێشی چلەی زستان دەکا
ساهەتاماوم لەبەرچی من نەگرییێم یارەکەم

یاخودا نازک بەدەن دوژمن بەحالی کەس نەبێ
موبتەلایی بەند و زەنجیری روخ و سینەت نەبێ
ئاووری عه ینی جەهەننەم یا خودا بۆ کەس نەبێ
غەیری من یارەب چ کەس دووچاری چاوی تۆنەبێ
سا هەتا ڕۆژی قیامەت بۆچی واوەیلا نەکەم

من لەداخی قەددی بەرزت دەس وەئەژنۆ داکەتم
تەرکی مال وقەومم کرد و من وەشوێنی تۆ کەتم
چونکە ئیمڕۆش بێکەس وبێدەرغەریقی زیللەتم
وا ئەزانی هەروا دەبێ ئەقرەبا و و میللەتم
سا لە بەر هەندێ ئەلێی لا چۆلەبەر هەیوانەکەم

ڕوولە کوێ کەم پاشی ئەم ڕێگەو و سەرا و و خانیە
ئاووری عەشقم لە کوێ بمرێ لە پاش ئەم کانیە
خوێنی چاوو باری لێو نیشانەیی سوتانیە
دەشتیا مەغرووره یارت بۆیێ هیچ ڕەحمی نیە
سا شکایەت چاکە لایی غەیری خەللاقم نەکەم

*

ئەم هۆنراوەیەی دەشتی دەگەڕێتەوە یادی ئەرو ڕۆژگارانەی زوو کە دەشتی نەمر لە گوندی بێتواتە فەقێ دەبێ کچێکی جولەکە کە لە ئاوایی بێتواتە دەبن دەبێ بە گراو و خۆسەویستی دەشتی و حەزی لەی دەکات،دەشتی گەلێک دڵی بەو کچە جولەکەیەوە دەبێت و لە گەل کچەکەش ڕێک دەکەون کە هەرکەسە لە سەر دینی خۆی بێت و ببن بە هاوسەری یەکتر،بەڵام پاشان ئەم کارە سەرناگرێت و دەشتی لە ئاوایی بێتواتە نامینێت و دەگەڕیتەوە شارە دیرینەکەی خۆی و لەوی خوێند تەواو دەکات و دوور لە یارە دڵگیرەکەی خۆی ئەم هۆنراوەیەی نوسیوە هەستی دڵی خۆی دەربڕیوە بە رامبەر بە ئەوینەکەی خۆی، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکێ هۆزانوان و نیشتمانپەروەر و زانای کورد دەشتی نەمر.

ئەحمەد دەشتی 19.9.2005